# مێژووی شانۆی کوردی

## «ڕاوبۆچوونە جیاوازەکان»

موحسین محەمەد

(٢ - ٢)

کاتێک لاپەڕەی نووسینەکانی (محەمەد تەیموور) هەڵدەدەینەوە، دەبینین هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو وێستگەیەکی گرنگی ژیانی ئەو بووە بۆ توێژینەوە و بەدواداچوون لە مێژووی شانۆی کوردی و چەند لایەنێکی گرنگی مێژوویی گەلی کورد، دەکرێ ئەو دە ساڵە بە پەیدابوونی ڕێبازی تەیموور بۆ ناساندنی مێژووی شانۆی کوردی پێناسە بکەین، وەک دەردەکەوێ، هیچ نووسەرێکی دیکە نابینینەوە مێژووی شانۆی کوردی بەو شێوەیەی کە خستمانە ڕوو ناساندبێت. لە ساڵی ١٩٨١ کە شانۆگەریی (محەمەد و سێوێ) لە هەولێر پێشان درا، نووسەری ناوبراو وتارێکی لە هەمان ڕۆژنامە (العراق) بە زمانی عەرەبی بڵاوکردەوە، لەو بابەتە ڕەخنەییەدا دیسان دەگەڕێتەوە سەر بنەماکانی مێژوویی. ئەو شێوازی نووسینەی ئەو لەلایەن هەندێ نووسەر بە تێکەڵکردنی شتەکان وەک مجەوەر نووسین ڕەخنەی لێ گیراوە. (٢٧)

ئەو ڕەخنەیە زۆر ڕاست بوو، بەڵام تێنەدەگەیشتن بۆ (تەیموور) ئاوها دەنووسێ؟ ڕاستییەکەی نووسەری ناوبراو (محەمەد تەیموور) کەسێکی زۆر خاوەن توانایی و پڕبوو لە بەخششی ئەدەبی و مێژوویی. دەزگاکانی بڵاوکردنەوەی ئەوسا زۆر سنووردار بوون، لەلایەک ئەو دەرفەتەیان بۆ نەدەڕەخساند هەموو شتەکانی خۆی بڵاوبکاتەوە، لەلایەکی دیکە، نووسینەکانی زۆر بە زەحمەت لە بن دەستی سانسۆر ڕزگاریان دەبوو، بۆیە لە خوێندنەوەی وتارەکانیدا هەست بەو تێکەڵییە دەکەین. لێرەدا من بەسەر وتارە ڕەخنەییەکەی ١٩٨١دا بازدەدەم و دەچمە سەر بابەتێکی گرنگی دیکە بە ناوی (نەورۆز و دراما و شانۆ) کە دوای چوار ساڵ بڵاوکراوەتەوە، ئەو بابەتە پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ بابەتە مێژووییەکاندا

و پێناسـەی ئەو بۆ شـانۆی کـوردی هەیە. لەو بابەتەدا نووسەر پشتی بە هەندێ سەرچاوە بەستووە، کە خزمەتی زۆر بە چوونەکانی ئەو دەکەن. لەبارەی دراما و شانۆ و لەیەک جیاکردنەوەیان، دەڵێت: «لە ڕەچەڵەکدا دراما هەر هەبووە، بەر لەوەی ببێتە پێشاندانی شانۆیی». (٢٨)

ئەو هەبوونەی دراما بە پێی سەرچاوەکانی نووسەری بابەتەکەمان دەگەڕێتەوە بۆ ئارەزووی دەربڕین لە واتاکانی ژیان بۆ لەیەک تێگەیشتن، لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا، بۆ ئەمەش کشتوکاڵی کردووە بە نموونەی بۆچوونەکەی. لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا نموونەی لەو چەشنە گەلێک زۆرە، نووسەر هۆزەبانە، ژنهێنان، بووک بووکانێ، نەریتی زبارە، باربووی کردووەتە بەڵگە، دەڵێت «ئەم دراماییە ڕەسەنە ئەگەرچی ڕەنگدانەوەی درامای بزووتنەوەی کۆمەڵ بوو». (٢٩)

لێرە مەبەستی (هۆزەبانە)یە، پاساو بۆ ئەو بۆچوون و بەڵگەیە دەڵێت «گەر گێڕانەوەی بە لەچاوکردنەوە و لاساییکردن توخمی بنەمای سەرهەڵدانی درامابێت هەر ئەو غەریزەیەش درامای بەرەو نیشاندانی شانۆیی برد». (٣٠)

بێ گومان لاساییکردنەوەی کرداری مرۆڤ کە دەکاتە گێڕانەوەی بە لەچاوکردنەوە (محاكاة)، پێشاندانی ئەو لە چاوکردنەوەیە لە ڕێگەی کەسانی دیکەوە بۆ تەماشاکردنی کەسانی دیکە، ڕەچەڵەکی دراما پێکدەهێنێت. پێشتر پێناسەی لاساییکردنەوە و لەچاوکردنەوە لای نووسەر هاوتای یەک بوون، کەچی لەم وتارەدا لەیەکی کردووەتەوە و دەڵێت «گێڕانەوەی بە لەچاوکردنەوە و لاساییکردن» هەموو ئەو وێناکردنانە بۆ نموونەی ڕاوچییەکەی (پرۆفیسۆر ئۆهارا) دەگەڕێتەوە کە دەڵێت یەکەم ئەکتەر ئەو ڕاوچییە بوو کاتێک ڕاوێکی سەخت دەکات، دوای سەرکەوتن، ڕاوەکە بە لاساییکردنەوە بۆ خێزانەکەی دەگێڕێتەوە. (٣١)

بێ گومان خوێنەری ئەو جۆرە بابەتە زۆر زوو بڕوا بەو بۆچوونانە دەکات، بەڵام ئەوەی کە گرنگە پەیدابوونی هونەری درامایە، کە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان گەلانی جیهاندا هەیە، لەم بابەتەشدا زۆرترین گەڕانەوە بۆ لای گریکییەکانە، نەک نەتەوەکانی دیکە، چونکە ئەوان بوون ئەو غەریزە و ئارەزووەیان کردە هونەری دراما و شانۆنووس و تیوری شانۆییان هێنایە بوون، واتە



**ئەحمەد قەرەنی**

پێوەریان بۆ هونەری دراما دانا، ئەمەش لە سەدەکانی بەر لە زایینی بووە.

لە گۆشەنیگای شانۆی یۆنانییەوە، ئەوەی کە بۆ مێژووی شانۆی کوردی گرنگ بێت، قۆناغەکانی گواستنەوە و ئەڵقەکانی ئەو زنجیرەیە، کە لە غەریزەی گێڕانەوەی بەلاساییکردنەوە بووە بە دراما و هەر ئەو غەریزەیەش درامای بەرەو پێشاندانی شانۆیی بردووە. لە قۆناغێکی دواتری کۆمەڵگای کشتوکاڵیدا دوای دەرکەوتنی ململانێ، ئینجا جادوو و جادووگەریی هۆیەکی دیکە بووە درامای زیاتر بەرەو پێشاندانی شانۆیی بردووە، بە پێی سەرچاوەکان، نووسەر ئەوهای بۆچووە. لێرەدا درامای وەک چەمکێکی زانستی لە کۆمەڵگەی مرۆیی ڕاڤەکراوە، بۆ موڵکیەتی هەموو گەلانی جیهان. ئەوەی لەناو کەلەپووری کوردیدا هەیە، ڕەنگە زۆر زیاتریش لە ناو گەلانی دیکەدا هەبێت، بەڵام ئەوەی کە لەناو هەموو گەلێکی ئەم گۆی زەوییەدا نەبووە، قۆناغی هونەر و ئەدەبی شانۆیی بووە، بە پێی پێوەری ئەدەبی و هونەری، گەڕانەوە بۆ شانۆی یۆنانی و ڕۆمانی و دواتر ئەورووپی بە گشتی، ئامانجی سەلماندنی ئەڵقەکانی ئەو زنجیرەیەیە. سەلماندنی هەر دوو میهرەجانی ساڵانەی کوردی (خەزان) و (بەهار) لەپێناو گەیشتن بە ڕەچەڵەکی دراما و پێشاندانی شانۆیی کوردی، ئەگەر هاوڕاش نەبین، پێویستە بە چاوێکی

زانستی تەماشای کارەکەی بکەین. هەرچەندە ئەو لە ڕەوتی نووسینەوەی مێژووی شانۆی کوردی زۆر تەنیایە، بەڵام بەڕاستی بە پاڵپشتی سەرچاوە زانستییەکانی جیهان لەبارەی دراما، ئەو تەنیا نییە. لێرە دیسان بوونی ئەو دوو میهرەجانە بەس نییە، بەڵکو هێشتا لە بزاڤی کۆمەڵایەتی و کولتووری کوردیدا پێویستی بە پاڵپشتی دیکە هەیە، نووسەر ئەمەی بەسەردا تێنەپەڕیوە، دەڵێت: «خەزان و بەهار کە ڕەگ و ڕیشەیان دەگەڕێتەوە بۆ جەژنی (مردن و ژیانەوە) و بنەماکەی هۆزەبانە و بووک بووکانێ و زبارە و بارەبووە. هۆیەکانی ئەو دوو بۆنەیە (مردن و ژیانەوە) بە پێچەوانەی یەکتر بوون، یەکەمیان جەژنێکی سەرەکی بوو لە پاییزدا، سەرەنجامی وشک بوونەوەی کێڵگە و کانی و کەم بوونەوەی ئاو کزی خۆر و درێژی شەو بوو، لە خەزان و زستاندا بۆیە بە کەژی مردن دەژمێرران.... دوو میهرەجانی پاییزان و بەهاران لە کوردستان هەر بەردەوام بووە بەر لە زایین تا سەردەمی ئەمەوییەکان و عەباسییەکان و سەلجووقییەکان و مەغۆلییەکان و عوسمانییەکان». (٣٢)

سەبارەت بە میهرەجانی دووەم کە لە بەهاردا سازکراوە، بێ گومان پێوەندی ڕاستەوخۆی بە سەری ساڵی نوێ و جەژنی نەورۆزەوە هەیە، کە تا ئەمڕۆ لە سەرتاسەری خاکی کوردستان بە سەیران و خۆشی و سازکردنی ئاهەنگەکان ناسراوە. هونەری شانۆ لە قۆناغی پەیدابوونی، لە بیستەکانی سەدەی ڕابوردوو، ئەوەی کە هەموومان پەسەندی دەکەین، زۆر زوو پێشوازی لە شانۆگەریی نەورۆز کرد، کە بە چیرۆکی کاوەی ئاسنگەر و زوحاکی زۆردار ناسراوە.

ئینجا لەبارەی هونەری شانۆ دەڵێت: «لەسەردەمی شێخ مەحموودیشدا لە شارەکانی کوردەواری تا سییەکان (سەدەی ڕابوردوو) میهرەجانی بەهاران بەبێ شانۆ نەبوو». (٣٣)

نووسەر لەو بەشەدا دەچێتە ناو ئاهەنگەکانی نەورۆز و یادکردنەوەکان و پێشاندانە شانۆییەکان ئەوانەی کە پێوەندییان بە کاوە و زوحاک و نەورۆزەوە هەیە. هەر وەک چۆن نووسەر هیچ دەقێک و هیچ نووسەرێکی دراماو پێشاندانی شانۆیی وەک بەڵگەی بوونی شانۆی کوردی لە سەدەکانی پێشوو نەخستە ڕوو، لە میهرەجانی بەهاردا کە بەڕاستی ئەو ئاهەنگ و میهرەجانە هەبووە، بەڵام هەر بەهەمان پێوەر هیچ دەق و هیچ نووسەرێک نابینینەوە. بابەتی کاوە و زوحاک، یان هەر بابەتێکی دیکە، کە پێوەندی بە ئاهەنگەکانی نەورۆزەوە هەبێت، لەگەڵ هەموو ئەو دەق و نووسینانەی شانۆی نەورۆزیی لە میهرەجانی بەهاردا، دەکەونە دوای پەیدابوونی هونەری شانۆ، ئەو هونەری کە لە بیستەکانی سەدەی ڕابوردوو بە کاریگەریی هونەری شانۆی ئەورووپی لە ڕێگەی شانۆی عەرەبی هاتووەتە کایەوە، بێ گومان ئەو شانۆی عەرەبییەش لە شانۆی ئەورووپی وەرگیراوە. شێوازی نووسین و پێشاندانی دەقەکان ئەوها دەڵێن. ئەو شانۆگەرییە کوردییانەی جەژنە بەهار هیچ جۆرە تایبەتییەکی لە کەلەپووری هونەریی کوردیدا نەبووە. من لێرەدا دووبارەی دەکەمەوە، گۆشەی ئەم بابەتە جێگەی ڕەخنە نییە، بەڵکو ئەوەی لەسەر منە جارێ خستنە ڕووی بیروڕا جیاوازەکانە لەبارەی پەیدابوونی هونەری شانۆ لە کوردستان، لەوانەی کە دەڵێت: «هونەری شانۆ لە کوردستان لە دێرزەمانەوە هەبووە» ئەو شیکردنەوەیە لە بارەی نەبوونی دەق و نووسەری شانۆیی بە پێوەری جیهانی و بە پێناسەی خودی نووسەر منی ناچار کرد لەم دەرگایە بدەم.

لە ساڵی ١٩٨٤ شانۆگەریی (خانزادێکی تر) لە نووسین و دەرهێنانی (تەلعەت سامان) لە هەولێر پێشان درا، ئەو بەرهەمە وتار و قسەی زۆری لابەلای دروست کرد. لەسەر داوای (محەمەد تەیموور) کۆڕێکی ڕەخنەییم سازکرد، هەر ئەویش کۆڕەکەی بەڕێوەبرد، دواتر وەک یەکەمین نامیلکەی ڕەخنەی شانۆیی لەچاپ دراو بڵاوکرایەوە. لەو کۆڕە و کتێبەکەدا من بۆ یەکەمین جار هەردوو زاراوەی (دواندن) و (خۆدواندن)م لە بری (دیالۆگ و مۆنۆلۆگ) بەکارهێنا. هەر ئەو ساڵە (محەمەد تەیموور) تێکەڵە وتارێکی بەناوی (خانزاد و کەلەپووری شانۆ و مێژوو) بڵاوکردەوە، لەو وتارەدا هەردوو زاراوەی (دواندن - خۆدواندن)ی بەکارهێنا بەبێ ئەوەی ئاماژە بۆ ئەو بەکارهێنانەی من بکات، دواتر پەشیمان بووەوە، بەڵام هەردوو زاراوەکە لە بەکارهێناندا تا ڕادەیەکی باش ڕێچکەی خۆیان وەرگرت. هەر لەو وتارەدا لەبارەی کۆنترین شانۆگەری پێشاندراو لە کوردستان دەڵێت:

«تا ئێستا ئەوەی لای ئێمە ڕوون بووەتەوە بە بەڵگە کۆنترین تاقیکردنەوەی کەڵک وەرگرتن لە دەقەکانی



**دیمەنێک لە شانۆیی «سەلاحەددین ئەیووبی»**

جیهانیی شانۆگەری (سەلاحەددین ئەیووبی)یە کە لە پاییزی ساڵی ١٩٢١ دا قوتابخانەی یەکەمی هەولێر پێشکەشی کردووە». (٣٤)

لەم وتارەدا یەکەمین زەمەنی پێشاندانی شانۆیی لە کوردستان گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا دێت، یەکەم لە ڕووی مێژووی پێشاندان لە ساڵی ١٩٢٦دا بۆ ساڵی ١٩٢١ دەگەڕێتەوە، دووەم لە سلێمانی دەگوازرێتەوە بۆ هەولێر، بەڵام هەمیشە ئەو بڕوای بەو ساڵ و شوێنانە نەبووە و ئاگادارمان دەکاتەوە کە پێشاندانی شانۆیی لە کوردستان زۆر کۆنترە. ئەوەی کە زۆر گرنگە لەم دۆزینەوەیەدا، کە دواتر نووسەر بۆمانی دەردەخات کە دەقەکە (والتەر سکۆت) نووسیویەتی و (نەجیب حەداد) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەربی. بێ گومان لێرەدا نووسەر بەتەواوی لەبیری چووە کە (خەڕاف محەمەد) لە ساڵی ١٩٨٠ لە بابەتی پەیدابوونی شانۆی مەغریبی باسی لەو شانۆگەرییە کردووە و دەڵێت «لە ساڵی ١٩٢٣ یەکەمین ڕووداوی مەزن لە مەغریب تۆمار دەکرێت، ئەویش گەیشتنی تیپێکی میسرییە، کە پێشوازی گەرمی لێ کرا، چەندان مانگ لە شارەکانی باکوور و باشووری مەغریب دەگەڕان و شانۆگەرییان پێشکەش دەکرد، لەوانە (سەلاحەددینی ئەیووبی) لە نووسینی (والتەر سکۆت) و (ڕۆمیۆ و جوڵیێت)ی (شکسپیر) وەرگێڕانی (نەجیب حەداد)، ئەوەی شایانی ئاماژە پێ کردنە تیپەکانی میسری کە سەردانی مەغریبیان کردووە سەرنجی بینەری مەغریبیان ڕاکێشاوە و وایان کردووە شانۆی خۆی هەبێت پشت بە تەکنیکی مسرییەکان ببەستێ دوای وەرگێڕان و وەرگرتن/ الاقتباس». (٣٥).

بڕواناکەم (تەیموور) ئەو ژمارە تایبەتییەی (الاقلام)ی نەخوێندبێتەوە، یان کە خوێندوویەتییەوە زۆر سەرنجی ڕانەکێشاوە، چونکە هێشتا سەرەداوی (سەلاحەددینی ئەیووبی) هەولێر پەیدا نەبووبوو. دواتر دەگەڕێمەوە سەر ئەم بابەتە. دوای دوو ساڵ تێکەڵە بابەتێکی دیکە بەناوی (دەربارەی دراما و ڕەخنە بڵاودەکاتەوە) لەو بابەتەدا جگە لە دووبارەکردنەوەی بۆچوونەکانی لە بارەی دراماو خستنەڕووی هەندێ بیروبۆچونی ڕەخنەیی، سەرەتای پەیدابوونی ڕەخنەی شانۆی کوردی زۆر بە وردی شی دەکاتەوە و گەڕان و دۆزینەوەکانی خۆی لەبارەی ڕەخنەی شانۆی کوردی و بڵاوکراوەکان دەخاتە ڕوو. لەو بابەتەدا دووبارە دێتەوە سەر شانۆگەری (سەلاحەددینی ئەیووبی) و هەندێ زانیاری نوێی دیکە بڵاودەکاتەوە، بەتایەتی ناوی ئەو شانۆگەرییەی کە (والتەر سکۆت) نووسیویەتی و (نەجیب حەداد) وەریگێڕاوە و (سەلاحەددینی ئەیووبی) لەسەر ئەو دەقە ئامادەکراوە، کە (خەڕاف محەمەد) بە وەرگرتن/ اقتباس ناوی بردبوو، نووسەر ئاماژە بۆ سەرچاوە مەغریبییەکە ناکات. جگە لەو شانۆگەرییە، ناوی شانۆگەری (میری دیل) دەهێنێ کە بەڕای ئەو لە ساڵی ١٩٠٥ لە هەولێر پێشان دراوە، هەروەها باسی شانۆگەرییەکی دیکە دەکات و دەڵێت: «ئەوەی شایانی باسە لە ساڵی ١٩٨٣ و ١٩٨٤ شەش حەوت شانۆیی ترمان دۆزییەوە بە بەڵگە ناوی (میری دیل)ە لە ساڵی ١٩٠٥ پێشکەش کراوە و ئەوی تریان هەر لە پاییزی ١٩٢١ داو دەقەکەشی لەلامانە جارێ ماوەی باس کردنیان نییە». (٣٦)

ئەو وتارە پڕە لە زانیاری زۆر بەکەڵک بۆ مێژووی شانۆی کوردیمان. هەموو ئەو کۆشش و تەقەللایانەی نووسەر بۆ ئەوەیە بیسەلمێنێ کە گەلی کورد هونەری شانۆی لە دێرزەمانەوە هەبووە، لەو مێژووەدا هیچ جیاوازییەک لە نێوان پارچەکانی دیکەی کوردستان نییە. کێشەی هەرە سەرەکیمان لە بۆچوونەکانی نووسەری گەورەمان (تەیموور) قوناغەکان و ئەڵقەکانی بەیەک بەستنەوەی ئەو هونەرەیە لە سەردەمێک بۆ سەردەمێکی دیکە، کە هەرگیز ڕاستوخۆ خۆی لێ نەداوە، ئەمەش لە خوێندنەوەی مێژووی شانۆی جیهانیدا بە پێوەری پێناسەی شانۆیی دادەنرێ. وەک شانۆ لە سەدەکانی ناوەڕاست، شانۆی سەردەمی ئیلزابیسی، شانۆی کلاسیکی نوێ. نووسەر سەرەداوێکی لە کتێبەکەی (مێژووی شانۆی کوردی) کە ئەوسا و ئێستاشی لەگەڵدا

بێت هەر وەک دەستنووس ماوەتەوە، لە وتارەکەیدا ئاماژەی پێ کردووە، دەڵێت: «هەرە کۆنترین شانۆیی شانۆی قوتابخانەکان نابنە سەرەتا و لەپڕ بەدەرنەکەوتوون و بە نموونەی شانۆیی کامل سەرکەوتوو دەژمێررێن و لەتەک شانۆی میللی «مدارس»ـە ئاییینییەکانی کوردستان کاتی ئیجازەدانە فەقێیەکان هەر ساڵێ بە هەردووکیان دێراوێکی سەرەکی درامان لەگەڵ شانۆی میللی میهرجانەکان لە بەهاراندا و شانۆی فرەچەشنی تیپە گەڕۆکەکان و نیشتەجێیەکان لە خان و کاروان سەراکان و چایخانەکان بە گشتی سەرچاوەکانی شانۆی نوێی کوردن». (٣٧)

لەم چەند دێڕەدا، نووسەر پێناسەی شانۆی میللی بەخشیوەتە شانۆی قوتابخانە ئاییینییەکان و میهرەجانەکانی بەهار، کە یەکەمیان تا شەستەکانی سەدەی ڕابوردوو لێرەو لەوێ، بوونی ئەو شێوازە هونەرییە هەبووە، دووەمیان تا سەردەمی (شێخ مەحموود) لە دەڤەری سلێمانی مابوو، هەر بەپێی بۆچوونەکانی پێشووی خۆی، لە تەواوی وتارەکانی نووسەر دەردەکەوێ، تا ئێستا بەش بەشی ڕوانینەکانی بە تێکەڵەیی بڵاوکراونەتەوە، تا کتێبەکە نەخوێنینەوە، زۆر سەختە بتوانین خوێندنەوەی مێژووی شانۆی کوردی بە پێی پەیژەکانی، ئەو پێناسە بکەین. ئەوەی بەتەواوی لێی دڵنیاین، مێژووی شانۆی کوردی لای ئەو بۆ سەدەکانی بەر لە زایینی دەگەڕێتەوە، هونەرێکی شانۆیی کوردی ڕەسەنە، چەمک و زاراوەکانی بەگشتی بریتین لە: شانۆی کلاسیکی، شانۆی کۆن، شانۆی نوێ، شانۆی میللی. هەموو ئەمانەش هەمیشە ئەڵقەکانیان دیار نین.

نووسەر دوای دوو ساڵ ئەم جارە بەگشتی دوو زاراوەی بۆ ڕاوبۆچوونە مێژووییەکانی داناوە، ئەویش درامای کۆن و درامای نوێیە، وەک لە بابەتی (درامای نوێی کوردی)دا دیخوێنینەوە. ئەوەی کە گومان هەڵناگرێت، بابەتی درامای نوێیە، کە بە چاوێکی ڕەخنەیی و بەپێی تیورەکانی دراما خوێندنەوەی بۆ شانۆگەرییەکان کردووە و ڕاڤەی کردوون، لەوانە شانۆگەرییەکانی: خانزادێکی تر، مەمی ئالان، تەنەکە، هاوارێکی تاساو، ڕاپۆرت، محەمەد و سێوێ، گوندەکەم بەجێ ناهێڵم و چەندان شانۆگەریی دیکە. هەر لە گۆشەی ئەو بۆچوونەیدا، ئاماژەی بۆ هەندێ پێشاندانی هونەری کولتووری کردووە وەک درامای نوێی کوردی، کە سەرپێیانە، نەوە دوای نەوە لاسایی کراوەتەوە، لەوانە گەمەی کەرو پاشا. (٣٨)

نووسەر لێرەدا جارێکی دیکە تێکەڵی دەکاتەوە. لەبارەی دابەشکردنیش بۆ درامای کۆن و درامای نوێ، لێکۆڵینەوەکەی تەرخان بۆ درامای نوێ دەکات، بەڵام هەر لەسەرەتادا خۆی بەو نوێیە بەند ناکات، سەرە داوێک بۆ ڕابوردوویەکی دووری نادیار دەهێڵێتەوە، دەڵێت:

«پەرەسەندنی پێوەندییەکانی دراما و شانۆ بە هونەرەکانی دیکە مایەی گەشەسەندنی درامای نوێی کوردە، کە لەماوەی بەشی دووەمی سەدەی نۆزدەمدا چەمکێکی نوێی گرتووەتە بەر، بەهۆی پەرەسەندنی ڕۆشنبیری نوێی کورد لە هەردوو بواری ئەدەب و هونەری نووسراو و نەنووسراودا...». (٣٩)

نووسەر لە بەشی یەکەمی وتاری شانۆی کوردی و ڕەوتە مێژووییەکەیدا، چارەگی کۆتایی سەدەی نۆزدە دەکاتە دەرهاویشتەی ئەو نوێبوونەوەیە، کەچی لێرە پاش نیوەی دووەمی ئەو سەدەی داناوە. وەک تێبینی دەکەین، قۆناغەکەی بە پاشی دوای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە و چارەگی کۆتایی هەمان سەدە دیاری کردووە. لەلایەکی دیکەوە دەگەڕێتەوە دواوە، بە ئاماژەکردنی بۆ هونەری (نەنووسراو)، کە بێ گومان لێرەدا هەموو ئەو شێوازە درامییە سەرپێیانە ناو کەلەپووری هونەری کوردی دەگرێتەوە، هەر لەهەمان بابەتدا جارێکی دیکە دووپاتی دەکاتەوە و دەڵێت: «هیچ جۆرە جیاوازییەکیش لەنێوان پێشاندانی ئیرتیجالی و دەقی نووسراودا نییە...». (٤٠)

لێرەوە لەسەر بۆچوونەکەی، هیچ گومانێک بۆ ئێمە ناهێڵێتەوە. پاساو ڕاڤەکردنەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو پێشاندانە شانۆییە نوێیانەی سەردەمی ئەورۆمان کە پشت بە دەقی نووسراو نابەستن، ڕاستییەکەی، ئەو شێوازە دراماییە ڕەوانەی دوێنێ، هەمان پێشاندانی ڕەوانی ئەمڕۆ نییە، ئەوەی ئەمڕۆ هونەری پێشاندانی شانۆییە بە پێوەرەکانی ئەمڕۆ، نەک دوێنێ.

لە هەمان بابەتدا لایەنی شێوەکاری پێشاندان دەخاتە ڕوو، بەبێ ئەوەی ئاماژە بۆ درامای کۆن بکات، یان ناوی ببات، بۆ جیاکردنەوە لە درامای نوێ، دەڵێت: «باوک و باپیرانی کورد لە ڕاو و چەند جۆرە پێشاندانی دراماییی وەک (کۆسە بەبە) و (پیر و گورگی ڕەش) و حوشتر و گا) دا لەبەریان کردوون و پەرستگاکانیشیان لە

شێوەی تەوتەمەکانیاندا بوو...». (٤١).

بێ گومان ئەمە، ئەو دراما کۆنەیە کە ئەو مەبەستییەتی و دەیگەڕێنێتەوە بۆ دەیان ساڵ بەر لە زایینی، بەبێ ئەوەی پێناسەی تیوری بۆ بکات، هەرگیز سرووت دراما نییە، وەک ئەو بۆی چووە، ئەگەر وابێت ئەوە تیورەکانی لە ڕووی زانستییەوە زۆر ئاڵۆز دەبن، یەکێک لە ڕەگە گرنگەکان، کە درامای لێ پەیدابووە، سرووتەکانە، وەک سرووتە ئاییینیەکان. بەبڕوای من نووسەر لە خۆڕا نییە قۆناغەکانی کۆن و نوێ لەیەک جودا نەکردووەتەوە، دیارە بەردەوام لە توێژینەوەدا بووە، بۆیە دەبینین هەر لەهەمان شوێن زۆر دوور ناڕوات دەڵێت: «لێرەدا خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە کە پێویستە بیزانین، ئەویش بوونی شانۆی کوردستانییە لە سەدەی نۆیەم و شەشەمدا و لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئۆرارتۆییەکاندا...». (٤٢)

ئینجا دەتوانم بەدڵنیاییەوە بڵێم: لە شەستەکانی سەدەی بیستەم بەرەو سەدەکانی خواروو، لەو ڕەگ و ڕواڵەت و دراما ڕەوانانەی کە ناومان بردوون، بەتایبەتی (کۆسەبەبە) من لە شەستەکان لە گەڕەکی تەیراوە چەندان ساڵ کۆسەبەبەم بینیوە، لەو ساڵانەی کە باران نەباریوە، یان درەنگ باریوە. نووسەر لە باسی جۆرەکانی دراما بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ ناچار دەبێت ئەو دوو قۆناغی کۆن و نوێیە لەیەک بکاتەوە، جۆری یەکەم بۆ درامای ئێستگەیی و جۆری دووەم بۆ سینەما و تەلەڤزیۆن، لە جۆری سێیەمدا، دەڵێت: «شانۆیە کە سێ مەودای سەرەکی و زیندووی هەیە (دەق + شانۆ + پێویستییەکانی سەر شانۆ + ئامادبوونی بینەران لە مەکۆی پێشاندان‌دا) شانۆی نوێش جێگەی درامای میهرەجان و دیوەخان و مزگەوت و چایخانە و تیپە گەڕۆک و جێنشینەکانی گرتەوە». (٤٣)

لەم بابەتەدا (هەبوونی هونەری شانۆی کوردی لە دێرزەمانەوە) بە بۆچوونی یەکەم (مێجەر نۆئێل) دووەم (محەمەد تەیموور) وەک دانەری ڕێبازێکی نوێ بۆ خوێندنەوەی مێژووی شانۆی کوردی و دۆزەرەوەی چەندان پێشاندانی شانۆیی، کە کەوتبونە ژێر تەپوتۆزی ڕۆژگار، ئەو مافەیان پێ دەدرێ، بۆ پاراستنی موڵکیەتی هزری ئەو دوو نووسەرە، وەک خۆی ئەوان چۆنیان داڕشتووە ئەوها لەم گۆشەیەدا پێناسە بکرێن، ئێمە لەگەڵیان هاوڕابین، یان بۆچوونێکی دیکەمان هەبێ، ئەوە لە گۆشەیەکی دیکەی مێژووی شانۆی کوردیدا بەیەک دەگەینەوە. بە بۆچوونی من گەڕان بە دوای دۆزینەوەی کەسی دووەم و کەسی سێیەم لە نووسەرانی کورد بەهەمان پێوەری (نۆئێل) و (تەیموور) زۆر گرنگ و زانستییە، ئەوانی دوای نووسەری دووەم و سێیەمیش دێن، هەموویان بە شوێنکەوتە و لاساییکەرەوەی ئەو ڕاوبۆچوونە مێژووییە دەژمێررێن، بەمەرجێک ئەگەر شتی نوێیان نەدۆزیبێتەوە. لەبارەی بوونی نووسەری دووەم و سێیەمی بیانی بۆ سەلماندنی هەبوونی هونەری شانۆی کوردی لە دێرزەمانەوە، بێ گومان زۆر گرنگە، (تەیموور) لە بابەتەکانیدا ئاماژەی بۆ هەندێ سەرچاوە کردووە ناچارمان دەکات دووبارە خوێندنەوەیان بۆ بکەین، زیاتر لێیان وردبینەوە، بەدوای سەرچاوەی دیکەشدا بگەڕێین. زەوییەکەمان پێویستی بە کێلانی زۆر هەیە، ئەوە مێژووی کوردە، ئەوە کەلەپووری هونەری کوردی و کولتوورەکەمانە، کە هێشتا زۆر زۆری ماوە بۆ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی شتی نوێ.

(ئەحمەد قەرەنی) بە پێی وتارە بڵاوکراوەکان دووەمین نووسەرە کە بڕوای بەوە هەیە نەتەوەی کورد لە دێرزەمانەوە هونەری شانۆی خۆی هەبووە، دوای ئەوەی هەر سێ بابەتە گرنگەکەی دەخوێنینەوە، تێ دەگەین کە هونەری شانۆی کوردی بە بۆچوونی ئەو دەکەوێتە دوو قۆناغی مێژوویی، قۆناغی یەکەمی بە هونەری شانۆی سەرەتایی داناوە، قۆناغی دووەمیشی بە قۆناغی نووسین دەست پێ دەکات، بۆ لەیەک جیاکردنەوەی ئەو سەردەمەش، شانۆگەریی (مەمی ئالان)ی (عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری) کە لە ساڵی ١٩١٩ بڵاوکراوەتەوە، بە تخووبی ئەو سەردەمە دیاری دەکات. لەگەڵ ئەمەشدا لەلای نووسەری ناوبراومان، هونەری شانۆی کوردی لەدێرزەمانەوە هەبووە، ئینجا پێویستیمان بەوە دەبێ، کورتەی بۆچوون و ئەو سێ وتارەی بخەینە ڕوو. یەکەمین وتاری لە ساڵی ١٩٨٣ بڵاوکردووەتەوە، واتە دوای چوار ساڵ بەسەر بۆچوونەکانی (محەمەد تەیموور) لەبارەی مێژووی شانۆی کوردی. نووسەر لە ئاماژەکردنی بۆ سەرچاوەیەکی شانۆیی، پێمان دەڵێت: «هونەر و ژیان جمکن هەرگیز لە یەک جیاناکرێنەوە» ئەو تێڕوانینە بۆ هونەری نوێ، پرسیارێکی لەلای ئەو دروست کردووە، بەرلەوەی بچێتە ناو کەلەپووری هونەری نەتەوەکەی لە پێناو دۆزینەوەی ڕەگ و ڕیشاڵی هونەری شانۆی کوردی،

کە دەڵێت: «ئەگەر فۆلکلۆری کوردی نەینکا ژینا کوردەواری بیت و هەمو بادێت ئەدەبی ڤە ب گریت پا کانێ گوازارا (شانۆ)یێ د ئەڤێ باخچی دا......؟؟». (٤٤)

بەپێی خوێندنەوەمان بۆ ئەم پرسیارە، دەبووایە نووسەر خۆی شۆڕ کردباوە ناو هەگبەی پڕ و دەوڵەمەندی کەلەپووری هونەری کوردی، چونکە بڕوای وایە، فۆلکلۆر ئاوێنەی ژیانی کوردەوارییە، کەچی ئەوەی ڕووی دا، ڕێککەوت بوو نووسەری بردە سەر دەفری ئاهەنگی جەژنە بەهاری کوردەواری، دەڵێت: «ئەڤ پرسیارە لنک من یابێ بەرسڤ بو هەتا ڕۆژا ١٩٧٨/٣/٢١ دەمێ من سەرپەرشتیا ئاهەنگا بیرهاتنا نەورۆزێ کری لگوندێ چەمانکێ. ئاهەنگا مە گەلەک بابەتێن هەمەڕەنگ ڤە دگرتن ژ چالاکیێت مامۆستایان و قوتابیان و گوندیان بەلێ هەڤالەکی ژ گوندیان (جاسمێ شینۆی) کو ژینا خۆ ب شڤانێی بر بوو سەری ئاهەنگ ب خەمل و ڕەوش ئێخست و گەلەک کار و ڕویدانێت ناڤ گوندی ب تەرزی زارڤەکردنێ دیار کردن... بزاڤ و خۆکدێتکرنا جاسمێ کاکلا چیرۆکێن کەڤن دڕەنی و مینا باشیکەی خۆ د بەردا ناڤ دلێ خەلکی.....و هەمی سەرسۆرما دمان و پێکڤە د کەنین دویڤ سەلیقا هاتن و چۆن و ڕابین و ڕونیشتن و دەست هەلیاوی». (٤٥)

ئەو بۆچوونەی نووسەر لە ڕێگەی (جاسمی شینۆی) لەگەڵ بۆچوونی (تەیموور) تەواوکەری یەکترین، بەپێی تیوری هونەری درامی، گێڕانەوەی بە لاساییکردنەوەی کرداری مرۆڤ. لێرە ڕەچەڵەکی دراما دەگەڕێتەوە بۆ هونەری نواندن / زارڤەکر لەفۆلکلۆری کوردیدا. هەردوو نووسەر بە پشت بەستن بە کەلەپووری هونەری کوردی، بڕوایان وایە کە هونەری شانۆ، لای (محەمەد تەیموور) بۆ سەدەکانی بەر لە زایینی دەگەڕێتەوە، لای (ئەحمەد قەرەنی) بۆ سەردەمێکی زووتر لەناو کۆمەڵگەی کوردەواری دەگەڕێتەوە، ئەگەرچی ئەو بەهیچ شێوەیەک ئاماژە بۆ قۆناغی پەیدابوونی ئەو هونەرە ناکات، بەڵکو لە هەنگاوی یەکەمیدا، کە ڕێچکەی زۆری لەبەردەم بوو بۆ دۆزینەوەی سەرەتای شانۆی کوردی، پەنادەباتە بەر ئەکتەرێکی گوندنشینی میللی. هەمان ئەو قسانەی ئەکتەرە میللیەکەمان لە نووسینەکانی (تەیموور) دەدۆزینەوە.

(جاسمی شینۆی) لەوەڵام و پیرۆزبایی نووسەر دەڵێت: «چەوا سترانبێژ و چیرۆک زان هەنە... هەمی چاخان زارڤەکر ژی هەبینە د ئەڤی هونەریدا.» (٤٦)

ئەم وەڵامەی (جاسم) تەکەز لەسەر دوو شتی زۆر گرنگ دەکات، یەکەم: هەبوونی کەسانی دیکە بۆ گێڕانەوەی بە لاساییکردنەوە وەک شێوازێکی هونەری سەرپێییانەی وەرگرتن (پشتاو پشت) لەیەکتری، واتە لە نەوەیەک بۆ نەویەکی دیکە، وەک زمانێکی زیندووی فۆلکلۆری پڕ لە هێما و ئاماژەکان، ئەوانەی کە تایبەتن بە کۆمەڵگە، بە پێی سنووری جوگرافی زارڤەکەر لەو شوێنەی کە تێیدا دەژی. دووەم: خستنەسەر لەو ڕووداو و بەسەرهات و شتە نوێیانەی کە ڕۆژگاری کۆمەڵگەی کوردەواری بەردەوام لە دێرزەمانەوە دەیخاتە سەر خەرمانەی کەڵەکەبووی کەلەپووری هونەری کوردی، ئەوەی کە نوێبوونەوە و زیندەگی دەبەخشێتە ئەو هونەرە، بۆ ئەوەی هەمەڕەنگییەک هەبێت و خۆی لە دووبارە بوونەوە و قاڵب بەندی ڕزگار بکات. سەبارەت بە خاڵی یەکەم، نووسەر زۆر بە زیرەکی گەڕاوەتەوە دواوە و بەڵگەی دیکەی هێناوەتەوە، ئاماژە بۆ دەستنووسێکی (شاکر فەتاح) دەکات کە دەڵێت: «دەروێش خەمۆ مرۆڤەکی پیر و سەرسپی بوو یەکسەر چووە سەر تەختێ شانۆیێ مینا هنەرمەندەکی باوەڕی ب خۆ هەی و ب سەر فیرازی نواندن برە سەر د ساڵێن پێنجەهدا، چونکە هونەریا ئەوی د کۆچک و دیوان و جڤاتگەهێت مللی دا دەست پێ کربوو شەهرەزا ب بۆ مینا گەلەکێن دی ئەوێن لدویڤ سەلیقەکا سڤک و سەرەتایێ د چۆن...». (٤٧)

سەبارەت بە خاڵی دووەم، (جاسم) بۆ خۆی لە وەڵامی پرسیارەکەی نووسەر سەرەداوی زۆر شتی خستووەتە ڕوو، لەوانە ئاماژەکردن بۆ ئەو شتانەی کە لە مێژوودا ڕوویان داوە، ئاماژەکردن بۆ ڕووداوەکانی کۆمەڵگە، دەڵێت «هندەک ژ ئەوان گەهشتبونە پەیسکەکا بلند و بەرز کو دشیان و دکارین تەڤ ڕویدانێت ناڤ کۆمەلی و چیرۆکێن کەڤن ب ڕەنگێ زارڤەکرنێ دیار و خۆیا بکەن بۆ خەلکی ب ڕێک و تەرتیڤێت یەکجار جوان و بەرکەڤتی و تەفۆیێ شێرانەیی گولەکە ژ خەملا ئەوێ بوهارێ...»، ئینجا نووسەر بۆ خۆی بۆ تەواوکردنی قسەکانی (جاسم) شتێکی نوێ دەخاتە سەری و دەڵێت: «دیسان زارڤەکەرێت کۆمێدی د زۆر بینە و هەتا نوکە د مشەنەو دهێنە ناڤ کرن - لێبۆک -(٤٨).

تا ئێرە هەردوو نووسەر (محەمەد تەیموور) لە

بابەتەکانی پێشوویدا و (ئەحمەد قەرەنی) لەم بابەتەدا لە ڕووی تیوورییەوە زۆر زانستین. ئەوەی زۆر پێویستیمان پێیە، گێڕانەوەی بە لاساییکردنەوەکانە، بێ گومان ئاماژەکردن و جوولانەوە و گێڕانەوەی مرۆڤێکی زیرەکی وەک حەکایەتخوان و ئەکتەری میللی هەرگیز ڕەمەکی نەبوونە، بەڵکو جوولانەوە و ئاماژەکان و گێڕانەوە بە دواندن و خۆدواندنەکان یەک بابەتی بوونە، ئەگەر لە هەمان شوێندا ماوەی پێشاندان چەند بابەتێک بووبێت ئەوە هیچ گومانی ناوێ هەر یەک لەو بابەتانە جوولانەوە و ئاماژەکردن یەکێتییەکی سەربەخۆی هەبووە، ئەکتەری میللی/ زارڤەکەر بە توانایی و لێهاتوویی بەشەکانی لەیەک گرێ داوە بۆ ئەوەی نەپچڕێ و سەرنجی بینەران پەرت نەبن. ئەگەر تەماشای ڕەگ و ڕواڵەت و دراما ڕەوانەکانی کتێبی یارییەکانی کوردەواری لە فۆلکلۆری کوردیدا، نووسینی (محەمەد کەریم شەریف) بکەین، دەگەینە ئەو ڕاستییە کە زۆر بە وردی باسی هەموو شتێکی ئەو یەکەی پێشاندانەی کردووە، دواتر دێینە سەر باسی ئەو تێڕوانینە جیاوازە لە مێژووی شانۆی کوردیدا.

نووسەر (ئەحمەد قەرەنی) ئاماژەی بۆ هەندێ لەوانە کردووە، بەڵام تەنیا ناوەکەی هێناوە، باسی جۆری پێشاندانەکە ناکات، باسکردنی جوولانەوەی دەستەکان، هەستان/ دانیشتن واتای پێشاندان ناگەیەنێت ئەگەر بۆ ئاماژەکردنێک نەبێت. هیوادارم نووسەر زۆر بەوردی ئەوانەی لای خۆی تۆمارکردبێت، بۆ ئەوەی لەدەستمان نەچن، ئێمە ئێستا بە کاتێکی زۆر خراپدا تێدەپەڕین، نەوەیەک ماوە توانایی گێڕانەوەی شێوازە هونەرییە کەلەپوورییەکانی هەیە، لە دەیەی دادێی ئەم سەدەیە، زۆر سەخت دەبێ بتوانین کەسێک بدۆزینەوە، بتوانێ هەندێ لەو گێڕانەوەی بەلاساییکردنەوەمان بۆ تۆماربکات. لەبارەی هونەری شایی و سەما و پێوەندی بە هونەری شانۆوە نووسەر (ئەحمەد قەرەنی) لە هونەری شانۆدا زۆر هۆشیار و بە ئاگابووە، دەڵێت:

«د کەڤن دا سەما ب هەموو جۆرێت خۆڤە د ناڤ کوردااندا هەبویە و کەسانێت زیرەک و شارەزاو ب پۆڤل هەبۆینە، لەوما کورد ب کێماسی دادنێن کەسێ سەماو گۆڤەندێ نەزانیت». (٤٩)

ئەوەی زانراوەو باوە سەما پێوەندی بە هونەری دراماوە هەبووە، لە کۆنەوە تا ئێستاش لە شێوازە شانۆییە جەستەییە گوزارەییەکان زۆر پشت بە سەما دەبەستن، بێ گومان ئەگەر بمانەوێ لە هونەری شانۆی کوردی بکۆڵینەوە ناتوانین دەسبەرداری جۆرەکانی سەما و شایی و گۆڤەندەکان بین، نووسەر لەم بارەیەوە نموونەیەکی جوانی هێناوە، وەک ئەوەی من بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی مەبەستم بوو، دەڵێت: «دیلان و گۆڤەندێت کوردان شانۆیەکا مەزن و نرخدارە نەمازە دەمێ دیلان دزڤڕیت و دۆ کەس سترانا ژێک ڤەدگێڕن و هنێریت خوە دیار دکەن، سەماکەرێت دۆ خەنجەرێت ڕویس ب دەستێ خۆ دگرن و پەهلەوانیا پی دکەن... ئان دەمێ شڤان و بێریڤان سترانێت ژینا خۆیا خۆیەتی دلۆرینیت د ناڤ گرێت دیلانێ ئان لکۆچک و دیوانان... زەمبیل فرۆش و خەج و سیابەند و مەم و زین و سیدکو و بنەفش و جەمبەلی جهێت خۆ دگرن د ڕێبازا گۆتن و زارڤەکردنێ دا». (٥٠)

ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە سەمایەکەیە، گێڕانەوەی بە لاساییکردنەوەکان لە حەکایەتخوانی دیوەخانەکانی کوردەواریدا زۆر باس کراوە و کەمتر پێوەندی بەدراماوە هەیە، کەچی ئەو جۆرە سەمایەی کە نووسەر باسی کردووە، ئەگەر هونەری سەما تەواوی درامی نەبێت ئەوە زۆر نزیکە لە دراما. لە بۆچوونی یەکەمیشدا ئاماژەمان بۆ خوێندنەوەی (مێجەر نۆئێل) بۆ سەمای کوردی کرد.

لە هونەری شانۆی کوردیدا ئەوەی هەردوو نووسەر بڕوایان پێی هەیە لە سەر سێ ستوونی گرنگ وەستاوە ئەویش گێڕانەوەی بە لاسایکردنەوەیە لە پێشاندانێکی جەماوەریدا، ئەمە هونەری شانۆی کوردییە، ئینجا ئەو هونەرە کۆنە نوێیە، بابەتێکی دیکەیە. مەرج نییە شانۆی کوردی هاوشێوەی شانۆی یۆنانی، یان ڕۆمانی بێت، هەروەها مەرج نییە ئەو شانۆییە پێکهاتەیەکی هونەریی تەواو ڕۆژهەڵاتی بێت، ئەگەر وەک هونەرێکی ڕۆژهەڵاتیش پێناسەبکرێت، دوور نییە لەگەڵ هەندێ شتی کۆنی یۆنانی لەیەک نزیک بێت هەر وەک ئەو دوو جەژنەی (خەزان و بەهار)ی کوردی بەرانبەر جەژنەکانی یۆنانی کۆن. کورد شانۆی هەبووە، ئەمە بۆچوونێکە و هەیە، ئەگەر ئەو بۆچوونە نەبوایە، ئەوە گرفتی زۆرمان دەبوو لە خوێندنەوەی ئەو شێوازە هونەرییانەی کە لە کەلەپووری هونەری کوردیدا ئاماژەی بوونی دراما دەکەن. نووسەری دووەمان (ئەحمەد قەرەنی) لەو بابەتەیدا هەوڵی داوە زۆر شتی گرنگ کە پێوەندی بە هونەری شانۆوە هەیە بورووژێنێت. لە گۆشەنیگای بەراوردکاری

بە شانۆی دەرودراوسێ دەڵێت: «ئەگەر شانۆیا تورکی یا کەڤن ژ (قەرەقۆز) ی دەست پێ بکەت و شانۆیا فارسی ژ بەهیا حوسەینی (س.خ) دەست پێ بکەت...

(کشکش) و (خەلەکێت دەروێشان) و (حوجرێت فەقێیان) و (شەڤە ڕەش) ێ دناڤ ژینا کوردەواریدا بایەخ و پویتە پێ کرنەکا خۆیا تایبەت هەیە».(٥١)

خوێندنەوەی بەراوردکاری لەنێوان کولتووری شانۆیی جیاواز ئەگەر سوودی زۆریشی هەبێت، بەڵام مەرج نییە ئەنجامی یەکلایکەرەوە بداتە دەست، شانۆی هەر نەتەوەیەک پێناس و ناسنامەی خۆی هەیە، تەنانەت ئەگەر شانۆی کوردی وەک نموونە لە ژێر کاریگەرییەکانی شانۆی لبنانی بۆ ئێراق لە ئێراقیشەوە بۆ ئێمە هاتبێت، دوای پەیدابوونەکە هونەری شانۆکە ڕەوتێکی کولتووری تایبەت بە گەلی کورد وەردەگرێت، دواجار بە پێی قۆناغە مێژووییەکانی پێناسە و ناسنامەی تایبەتی بە خۆی دەبێت. نووسەر شتێکی زۆر چاکی کردووە تەنیا پشتی بە پێشاندانەکان نەبەستووە، بەڵکو هەوڵی داوە تێکستی کوردی لە کەلەپووری هونەری کوردیدا بدۆزێتەوە، لە وتارەکەدا ئاماژە بۆ چەندان دەقی شانۆی دەکات وەک «نێریک - دیکلەئاغا - مەلە ڕەژوی - سێ نەزان - توتە جان - چێل و گۆل... تاد»، ئینجا دەقی شانۆگەریی (نێریک) وەک خۆی دەخاتە ڕوو.(٥٢)

لەبارەی بەکارهێنان و جلوبەرگ و کەرستەی پێشاندانی شانۆییەوە نووسەر ئاماژە بۆ پێشاندانی حوجرەی فەقێیان دەکات لەوانە (ڕیڤینگ - مری ساخ بۆڤە - خێزانک) کە ئەکتەرە میللییەکان ئەو پێداویستیانەیان فەرامۆش نەکردووە، دەڵێت، «زارڤەکرنا ڕێڤینگی ئیکی ژ فەقەهان خۆ دکرە ڕێڤینگ و ڕدین و سمبێلێت خوریێ (هرێی) چی دکرن و چەندان ددان ژ لەڤەنێت پیک کری - - و شاشەکا مەزن دهاڤێتە سەری خۆ دگەل چەند دەرسۆکان و بالیفەک دادنا سەر زکێ خوە دبن کراسێ ڤەو پێلاڤەکێ مەزن دکرە پێ خوە».(٥٣)

ئەوەی جێگەی خوێندنەوە و بایەخی زانستی ئێمە بێت لە بیروڕای نووسەری دووەمان بۆ هەبوونی شانۆی کوردی لەکۆنەوە، کۆششی نووسەرە لە پشکنینی تیوری و زانستی مەیدانی لە هەبوونی شانۆ لە ناو کەلەپووری هونەری کوردیدا بە هەموو پێکهاتە هونەرییەکان لە پێشاندانی سەرپێیانە، ئەمەش مەرجی سەرەکی سەلماندنی ئەو بۆچوونەیە، وەک لەو بابەتەدا خوێندمانەوە.

ناتوانین ئەم ڕاستییە نکوڵی لێ بکەین، تیور و ڕێبازی (محەمەد تەیموور) بۆ هەبوونی هونەری شانۆ لە کوردستان، بۆ دوادوای حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو دەگەڕێتەوە، کە هەمووی سێ تا چوار ساڵ بوو بەسەر بڵاوبوونەوەی تیور و ڕێبازەکەدا تێپەڕ بووبوو، ئینجا ئەو بۆچوونە زانستییەی (ئەحمەد قەرەنی) بڵاوبووەوە، نووسەر بە هیچ شێوەیەک ئاماژە بۆ ئەو ڕێبازەی (تەیموور) ناکات، کە لە زۆر شتدا لەیەک نزیکن، وەک لە خوێندنەوەی هەردوو بۆچوونەکەدا زۆر بەزەقی هەستی پێ دەکەین!. دوای بیست و یەک ساڵ نووسەر جارێکی دیکە بە پرسیار دەگەڕێتەوە سەر مێژووی شانۆی کوردی، لەو گەڕانەوەیەدا هەندێک گۆڕانکاری لە بۆچوونەکەیدا دەکات، شانۆی کوردی بە دوو جۆر پێناسە دەکات، شانۆی گوند و شانۆی شار. لە بابەتی شانۆی گونددا ئاماژە بۆ شێوازە شانۆییەکانی کەلەپووری هونەری کوردی دەکات، بە هونەرێکی شانۆیی سەرەتایی، هەر وەک وتاری پێشووی، پێناسەی دەکات. لەبارەی سەرەتای پەیدابوونی شانۆ لە شارەکانی کوردستان دەڵێت: «ئەو بزاڤێن هونەریێن لایەنێ شانۆیێ ڤەدگەڕن و لشارێن کوردستانێ هاتیە کرن، دزڤڕنەڤە بۆ ساڵێن پشتی شەڕێ جیهانیێ یەکێ، یان ژی هێشتا هێڤەتر، چونکە لئەوێ دەمی ڕێژەیا خوێندەواریێ زێدەتر ببوو...».(٥٤)

بێ گومان ئەو سەرەتایە دروست نییە، هەرچەندە دواتر ئاماژە بۆ شانۆگەرییەکانی بیستەکانی سەدەی ڕابوردوو دەکات، وەک (سەلاحەددینی ئەیووبی) لە هەولێر ساڵی ١٩٢١، بەبێ ئەوەی ئاماژە بۆ سەرچاوەکانی بکات. لەبارەی دواکەوتوویی هونەری شانۆ لەشار و لەو سەدەیەدا دەیگەڕێنێتەوە بۆ چەندان هۆکار لەوانە، زۆری ڕێژەی نەخوێندەواری لە کوردستان بە هۆکاری سەرەکی هەموو قۆناغەکانی دەزانێ، هەروەها نەبوونی هۆڵی شانۆیی و لایەنی پیشەیی لە هونەری شانۆدا، بەبۆچوونی ئەو شانۆی کوردی هێشتا لە قۆناغی سەرەتاییدا دەژی. هەر وەک لە بابەتی یەکەمدا دەردەکەوێت، نووسەر بڕوای تەواوی بەوە هەیە، هونەری شانۆ بە واتای سەرەتایی لە کوردستان هەبووە، «هونەر و ئەدەبێ زارڤەکرنێ لناڤ کورداندا هەبوویە، لێ برەنگەکێ سادە و ساکار، چونکە

زۆربەی ئەو کەسێن ب ئەڤێ کارێ دەهستان و جێبەجێ دکرن نەخوێندەوار بوون.... هەروەسا شانۆیا نوێ وەک ئەدەب و هونەر د هێتە هەژمارتن، ئەو بوویە یا ب ڕێکا ئەوروپا ڤە گەهشتیە دەڤەرامە و هەمو مللەتێن ڕۆژهەلاتا ناڤەڕاست...».(٥٥)

لە بابەتی دووەمیدا تێ دەگەین کە نووسەر کەوتووەتە ژێر کاریگەریی وتارە مێژوویییەکان، هەرچەندە ئاماژەی بۆ هیچ یەک لەو وتارانە نەکردووە، لە ئەنجامی ئەو کاریگەرییە هەندێ گۆڕانکاری لە بۆچوونەکەیدا کردووە، کە لە وتاری پێشوویدا نەبووە. لێرە من ناچارم بوەستم، چونکە ئەم گۆشەیە تەنیا پێویستی بە ئەوەندە ئاوڕدانەوە مێژووییە هەبوو، بێ گومان لە بەشەکانی دواییدا ناچار دەبین دووبارە بگەڕێینەوە سەر ئەو بۆچوونانەی نووسەر (ئەحمەد قەرەنی) لەبارەی مێژووی شانۆ لە شارەکانی کوردستان.

(حەسەن تەنیا) لە کتێبی (شانۆ و... شانۆی کوردەواری)دا کە بەشێکی تایبەتە بە مێژووی شانۆی کوردی لە سەرەتای دەستپێکردنەوە تا سەرەتای ١٩٧٦، ئەگەرچی بۆچوونی ئەو جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ئەم بەشەی ئێمە هەیە، واتە (هەبوونی شانۆی کوردی لە دێرزەمانەوە)، بەڵام چەندان دیمانەی گرنگی سازکردووە کە سوودی زۆری بۆ بەشەکانی ئەم پرۆژە هەیە، لەوانە دیمانەیەک لەگەڵ (مامۆستا مەحموود کزەڵ)، وا دیارە ڕاوبۆچوونی ئەو مامۆستایە زۆر لە ڕاوبۆچوونی یەکەم (مێجەر نۆئێل) دووەم (محەمەد تەیموور) سێیەم (ئەحمەد قەرەنی) لە ڕووی مێژوویییەوە نزیکە، لەبەر ئەوەی کتێبەکەی حەسەن تەنیا دەکەوێتە ساڵی ١٩٨٥، کەواتە بۆچوونی (کزەڵ) دەکەوێتە دوای (تەیموور) لە ساڵی ١٩٧٩، هەروەها (ئەحمەد قەرەنی) لە ساڵی ١٩٨٣. ئەوەی (کزەڵ) هەرچەندە لەگەڵ نووسەری یەکەم و دووەم هاوتابێت، بەڵام لەبەر ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکردووە، ئەوەی گوتراوە تەنیا ڕاوبۆچوونە، ناچارین لەناو نووسەرانی خۆماڵی وەک نووسەری سێیەم پێناسەی بکەین، ئەگەر کتێبەکەی (حەسەن تەنیا) لەکاتی خۆیدا چاپ و بڵاوبکرابایەوە، ئەوە (کزەڵ) پێشی (تەیموور) دەکەوت، لەبەر ئەوەی دیمانەی نێوان نووسەر و کزەڵ لە ساڵی ١٩٧٦ بووە.

(مەحموود کزەڵ) لەبارەی جەژن و ئاهەنگ و یاد و بۆنە ئاینییەکان لە مزگەوت و تەکیە و خانەقاکان دەڵێت: «هەتا دوای ساڵەکانی چلیش ئەم جۆرە ئاهەنگانە باو بووە لە ناوچەی خۆشناوەتی و خۆی بەشداری هەندێکی کردووە لە دێی (بانی سان)...».(٥٦)

بۆ ڕوونکردنەوە هیچ گوندێک بەناوی (بانی سان) لە خۆشناوەتی نییە، (بالیسان) هەیە، کەواتە ناوی گوندەکە بەهەڵە تۆمارکراوە، (بالیسان)ە نەک (بانی سان). سەبارەت بە دیاریکردنی مێژووەکە، واتە تا چلەکان، بەڕای من زۆر زیاترە، بەڵکو تا شەستەکان ئەو جۆرە ئاهەنگە ئایینییانەی مزگەوتەکان هەر هەبوون، تەنانەت تا نیوەی یەکەمی حەفتاکانیش بەردەوام بوون.

(مەحموود کزەڵ) لەبارەی هەبوونی شانۆی کوردی لە مزگەوتەکان دەڵێت: «شانۆ و شانۆگەری – بەڕای ئەو – لە مزگەوت و شوێنە ئایینییەکاندا هاتە کایەوە و لە کوردستاندا پیاوانی ئایینی بناغەیان دانا، هەروەک سەرەتای شانۆی جیهانی لە جەژن و بۆنە ئایینییەکانی یۆنانەوە دەستی پێ کرد... فەقێیەکانی پێشی ئەو سەردەمە – واتە پێشی ١٩١٠ – هەندێ بینراوی تەمسیلییان زۆر بە ساکاری لە ئاهەنگ و کاتی ڕابواردنی خۆیان کردووە».(٥٧)

لەم بۆچوونە تێبینی دوو شت دەکەین، یەکەم، نووسەری کتێبەکەمان لەگەڵ ئەو ڕایەدا نییە کە شانۆی کوردی لە دێرزەمانەوە هەبووبێ، لە نێوان دوو کورتە هێڵ نووسیویەتی (بەڕای ئەو)

دواتر کە بیروڕا و بۆچوونەکانی دیکە دەخوێنینەوە ئەمە باشتر ڕوون دەبێتەوە. دووەم، وادیارە (کزەڵ) مێژووی شانۆی یۆنانی خوێندووەتەوە، بۆیە ئاماژەی بۆ جەژن و بۆنە ئایینییە یۆنانییەکان کردووە، لەبەر ئەمە زۆر پێویست بوو، ئەم ڕاوبۆچوونەی لە ڕیزی سێیەمی مێژووی شانۆی کوردی دابنێین، بە بۆچوونی من نووسەری کتێبەکە دەبوایە زیاتر داوای ڕوونکردنەوە بکات، من وای بۆ دەچم لەبەر ئەوەی خۆی لە بنەڕەتدا لەگەڵ ئەو بۆچوونە نەبووە، بۆیە لە کورتی براندوویەتییەوە.

(کزەڵ) دیارە ڕۆشنبیریی شانۆیی هەبووە، ئەو بۆخۆی پتر ڕوونکردنەوە دەدات و دەڵێت:

«بینراوە تەمسیلییەکان بە گۆرانی و ئاوازەوە بە شێوەی (ئۆپەرێت) پیشانی خەڵکی ئەدرا و ڕەخنە لە کردار و نەریتە ناماقوڵ و نابەجێیەکانی ناو کۆمەڵ ئەگیرا

له ئاهەنگەکانی مەلاو فەقێکاندا - کە تاکە تاقمی ڕۆشنبیری ئەو کاتە بوون - خەڵکی ئەو ناوچەیەیش - باری سیاسی ناوچەکانیان بۆ ماوەی سێ ڕۆژ ئەگرتە دەست و خەڵکی زۆر لێ کراو مافی بۆ ئەسەندرایەوە... لەناوچەکانی تری ئەو ناوە باو بووە، وەک: دەشتی دزەیی و هەکاری و ڕواندز و باڵەکایەتی و
شوکاک و زۆر شوێنی تر» (٥٨)

وەک تێبینی دەکەین (مامۆستا کزەڵ) زۆر شتی پێ بووە، بەڵام زۆر بە خێرایی و بە کورتی گوزارشتی کردووە، دیارە نووسەر هەر ئەوەند دەرفەتی بۆ ڕەخساوە، ئەگینا پێویست بوو، پرس و بابەتەکانی ئەوسا قسەی لەسەر کرابان، ئەو کێشانەی کە چارەسەر دەکران چی بوون؟

میکیاژ و جلوبەرگ چۆن بووە، ئایا خەڵک پارەی بەخشیوە، یان هەر هەموو ئاهەنگ و بۆنەی ئایینی و کۆمەڵایەتی بوونە؟.

**سەرچاوە و پەراوێز:**

**٢٧ - حەیدەر عەبدولڕەحمان، مجەوەر نووسین، ڕۆژنامەی هاوکاری ١٩٨٥/١/١٧.**

**٢٨ - محەمەد تەیموور، نەورۆز و دراما و شانۆ، گۆڤاری (ئۆتۆنۆمی)، ژمارە(١)، ساڵی ١٩٨٥.**

**٢٩ - هەمان سەرچاوە.**

**٣٠ - هەمان سەرچاوە.**

**٣١- ئەحمەد سالار دەروازەی دراما، بەرگی یەکەم، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، زنجیرەی کتێب (٨)، چاپخانەی (دار الحرية)، بەغدا، ١٩٨٠.**

**٣٢- محەمەد تەیموور، نەورۆز و دراماو شانۆ، گۆڤاری (ئۆتۆنۆمی)، ژمارە(١)، ساڵی ١٩٨٥.**

**٣٣ - هەمان سەرچاوە.**

**٣٤ - محەمەد تەیموور، خانزاد و کەلەپووری شانۆ و مێژوو، گۆڤاری (ئۆتۆنۆمی)، ژمارە (٣)، ١٩٨٤.**

**٣٥ - خراف محمد، نشأة المسرح المغربي وأسهامات الطيب الصديقي، مجلة (الاقلام)، العدد (٦)، ساڵی ١٩٨٠.**

**٣٦ - محەمەد بەکر تەیموور، دەربارەی دراما و ڕەخنە، گۆڤاری کاروان، ژمارە ٤١، ساڵی ١٩٨٦.**

**٣٧ - بەشێک لە کتێبی مێژووی شانۆی کوردی دەستنووس، محەمەد تەیموور، لە بابەتی دەربارەی دراما و ڕەخنە، گۆڤاری کاروان، ژمارە (٤١) لە ١٩٨٦.**

**٣٨ - محەمەد تەیموور، دەروازەیەکی ڕەخنەیی درامای نوێی کوردی، گۆڤاری کاروان... لە ساڵی ٢٠٠٨ لە دووتوێی نامیلکەیەکدا تیپی شانۆی سالار وەک زنجیرە کتێبی گۆڤاری شانۆ، ژمارە (٧) بلاوکراوەتەوە.**

**٣٩- هەمان سەرچاوە.**

**٤٠- هەمان سەرچاوە.**

**٤١- هەمان سەرچاوە.**

**٤٢- هەمان سەرچاوە.**

**٤٣- هەمان سەرچاوە.**

**٤٤ - سەرەتایەک ژ دویروکا شانۆیا کوردی، ئەحمەد قەرەنی، گۆڤاری کاروان (١٢) لە ١٩٨٣.**

**٤٥- هەمان سەرچاوە.**

**٤٦- هەمان سەرچاوە.**

**٤٧ - هەمان سەرچاوە.**

**٤٨ - هەمان سەرچاوە.**

**٤٩ - هەمان سەرچاوە.**

**٥٠ - هەمان سەرچاوە.**

**٥١ - هەمان سەرچاوە.**

**٥٢ - هەمان سەرچاوە.**

**٥٣ - هەمان سەرچاوە.**

**٥٤ - ئەحمەد قەرەنی شانۆیا کوردی دناڤبەرا هەبوون و نەبوونێ دا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٨٤/٨٥، ٢٠٠٤.**

**٥٥ - هەمان سەرچاوە.**

**٥٦ - حەسەن تەنیا، شانۆ و... شانۆی کوردەواری، ل٤٩ دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، زنجیرە (١١١)، ١٩٨٢.**

**٥٧ - هەمان سەرچاوە.**

**٥٨ - هەمان سەرچاوە.**